کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-7-2007 22:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**حکومەتی کوردستان دوای پەسەندکردنی بوجە. ... مەریوان نەقشبەندی**

نزیکەی (10) ساڵە لەهەولێر دەژیم، خوازیاربووم ڕۆژێك ئەم پایتەختەی کوردستانم بەبێ هەڵکەندنی شەقام و کۆڵانەکانی ببینایە، پێدەچی ئەم (10) ساڵە هیچ ئەزموونێکی بۆ ئەندازیار و پلاندانەرانی کوردی تێدانەبوبێت چونکە ئێستاش وەك (10) ساڵ لەمەوپێش زۆربەی شەقام و کۆڵانەکان گیراون و پرۆژەکان ئەوەندە بەسەقەتی و بێبەرنامەیی دەکرێت ڕەنگە بۆ هەتاهەتایە دانیشتوانی شارەکانی کوردستان سەقامگیری بیناسازی و بونیادنانەوە نابینن، ئەم بێبەرنامەییە تەنها لەپایتەخت نیە بەڵکو زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتوەتەوە و پرۆژەیەك ئەمڕۆ دەکرێتەوە سبەینێ هەڵدەوەشێنرێتەوە و هەر جارەی بڕێکی زۆر پارەی حکومەت بەفیڕۆ دەڕوات و ئالیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان ئێجگار لەرزۆك و ئابڕوبەرانەیە، ئەو پرۆژانەی لەکوردستاندا جێبەجێکراون ئێجگار کورتبینانە کراوە و ڕەنگە لەنێوان وەرزەکانی ساڵێکدا هەست بە کەموکورتیەکان بکەیت، لەکوردستان گرنگ نیە کام کۆمپانیا پرۆژەکان ئەنجام دەدات هەروەها گرنگیش نیە چ جۆرە کەرەستەوکەلوپەلێك لەپرۆژەکاندا بەکار دەهێنرێت، بەهەمان شێوە دەرمان و خۆراك و ئوتومبیل و هەموو ئەو پێداویستیانەی دێتە کوردستان بەبێ فلتەرێکی تۆکمە تێدەپەڕێت و زەرەرمەندی یەکەم هاووڵاتی ئاسایی و هەژارەکانی کوردستان دەبن، سەرۆکی حکومەت لەکابینەی پێنجەمدا هەڵمەتێکی گەورەی ئاوەدانی و بونیادنانی ئابووری لەشارەکانی کوردستاندا دەست پێکردوە، سستمێکی سەرکەوتوی لەبیناسازی و کردنەوەی پرۆژەی جۆراوجۆر و کاری وەبەرهێنان لەکوردستاندا پەیڕەو دەکات، بەڵام ئەو ڕاستیەی دەرك پێنەکردوە کە ژمارەیەکی ئێجگار کەم لەخەڵکی کوردستان سوودی لەم پرۆسەیە یان لەم سیاسەتەی حکومەتەکەی وەرگرتوە، ڕاستە ژمارەی سەرمایەدارەکانی کوردستان زیادیان کردوە و دەوڵەمەندەکانیش زیادیان کردوە و بازرگانەکانیش چالاکتربوون، بەڵام ئاخۆ چینی مام ناوەندی و هەژار کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن تاچەند لەم هەڵمەتی ئاوەدانی و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاریە سوودمەند بوون؟! من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ژمارەیەکی ئێجگار کەم، لەسایەی سەرمایە بەگەڕخستن و هاتنی کۆمپانیا بیانیەکان و پرۆسەی بیناسازی و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە دەبوو بێکاری ئێجگار لەکوردستان کەم ببوایەتەوە بەڵام ئەوە هەست پێناکرێت و ڕەنگە کرێکاری دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر سوودی لەم پرۆسەیە کردبێت، گرفتێکی دیکەش کە لەکوردستان لەرێیە چۆڵکردنی گوند و شارۆچکەکانە کە لەئایندەدا هەڕەشەیەکی جدی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و دیموگرافیای کوردستان، هەڵەیەکی گەورەش دەکەین ئەگەر پێمان وابێت ئەزموونی وڵاتانی کەنداو لەکوردستان و شاری (دوبەی) لە (هەولێر) جێبەجی دەبێت چونکە بارودۆخی سیاسی و پێگەی جوگرافی کوردستان لەناوچەیەکی گەمارۆدراو بەهەڕەشەی نەتەوە و سستمە سیاسیەکان و مانەوەی ڕۆشنبیری حزبایەتی تەسك و خۆدزینەوەی سیاسی هەندێك لەو حزبانەی کە لەپەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا بەشدارن و سستمی خراپی تەندروستی و پەروەردەیی لەکوردستاندا، هەمووی پێکەوە ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم سەرکەوتنی ئەو سیاسەتەی کە نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی دوای یەکگرتنەوەدا پەیرەوی دەکات، ڕەنگە سیاسەتی دەرەوە و سومعەی سیاسی بەهێزی هەردو سەرۆکی کوردستان و عیراق و ڕەوشی ئارامی هەرێمی کوردستان و بوونی سەربازی ئەمریکا لەناوچەکەدا، بۆ ماوەیەك ئەم سەقامگیریەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، بەڵام هەڵوێستی هەندێك لایەنی عیراقی بەرامبەر پرۆژەیاسای نەوت و سستی لەجێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستوور و تەقینەوەکانی ئەم دواییەی کەرکوك و ئەو هێرشەی کە چەند ڕۆژێك لەمەوپێش لەسەر سنووری ئێرانەوە کرایە سەر هێزێکی پۆلیسی پاسەوانی سنوور لە پێنجوێن و دەستبەسەراگرتنی زیاتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

28-7-2007 22:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە (200) پشتێنەی بۆمبڕێژکراو لەسەر سنووری سووریا و هەرەشەی بەردەوامی سوپای تورك لەسنووری هەرێمی کوردستان، هەموویان پێکەوە وامان لێدەکات لەسیاسەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان نارازی و لەبێبەرنامەیی جێبەجێکردنی پرۆژەکان نیگەران بین،

ئەوەی تائێستا لەکوردستان کراوە و خەرج کراوە لەسایەی دوو ئیدارەیی و دوور لە چاوی کامێرا و ڕۆژنامەنووسان و بەبی دیاریکردنی بوجە پەردەپۆش کراوە، بەڵام ئێستا بوجەی حکومەت لەپەرلەماندا پەسەند کرا و ژمارەش دیارە و لەهەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە، کەواتە لەمەودوا بیانوی بێبەرنامەیی و ململانێی حزبایەتی و بوونی گەندەڵی و تەنانەت هەرەشەی وڵاتانی دراوسی و ناسەقامگیری عیراقیش بەزەحمەت لەحکومەتی پارتی و یەکێتی قبووڵ دەکرێت.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.